Kurdistannet کوردستان نێت

شیعر و هەستی پاک

ئەحمەد دەشتی

شیعرو هەستی دەروونی من
بۆ هەمیشە پاک دەنوێنێ
دڵۆپ دڵۆپ ئەسرینی سوور
لە چاوانم هەلدەڕژێنێ
ئەی باڵندە پەڕ نەحسەکە
چیتر پەرواز مەکە بۆ خەم
بەسە برۆ لە لانەی من
چیتر ژیان مەکە بەتەم
من بالۆرەی دڵسۆزان بووم
لە دەشتایی دڵم دەفڕاند
بە ئاوازی بەرزی ژیان
شۆڕشی خەمم لە دڵ دەمراند
ئێستاش ئەوا هەموو ڕۆژێ
گەردەلولی شووم دەمگرێ
یادی جوانی ئەویندارییم
لە ناو دڵ و دەروون دەگرێ
خوایە کوێرکەی نەیارانمان
نەغرۆ بکەی هۆرەی داری ڕزگاریمان
هەرکێ کەوا خیانەتکارە دڵی ڕەشە
ڕەببی بمرێ چقلی ڕێگەی ئازادیمان

*